دەوڵەتی یاسا ئامادەیی عێراق بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی هاوبەش و هاریکار لەگەڵ واشنتۆن دووپات دەکاتەوە

نووری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە نووسینگەی خۆی لەگەڵ جۆشوا هاریس، بەرپرسی کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق کۆبووەوە. تاوتوێی ڕێگاکانی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و هاندانی هاوکارییەکان کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەل بکات.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی نوسینگەی مالیکی، کەدەست موتەبع کوتووە، هەردوولا پەداچوونەوەیان بە "پێشهاتەکانی دەخی ناوچەکە و نەودەوڵەتی، و بەدواداچوون بە هەوڵە بەردەوامەکان بۆ گەیشتن بە سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردووە".

سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دووپاتی کردەوە، "عێراق ئامادەیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی هاوبەشی و هاریکار لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان بە ئەمریکاشەوە، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و بەرژەوەندی هاوبەش".

مالیکی ئاماژەی بە گرنگی ئینجامدانی هەڵبژاردنی یاسادانان کرد کە بەم نزیکانە پرۆسەی سیاسی دەخاتە سەر ڕێچکەیەکی دروست و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەلی عێراق.

لای خۆیەوە جوشوا هاریس هیوای خۆی دەربڕی بۆ کارکردن بۆ پتەوکردنی هاریکاری نێوان بەغدا و

واشنتۆن، تاوەکو هاوکار بێت لە پاپشتیکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکەدا.